# سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی..!

رادیۆی ئەڵمانیا / دۆیچلاندفونک،

رۆژی ٢٥/٢/٢٠٢٦ لە بەرنامەی (ئەوروپا ئەمڕۆ) دا چاوپێکەتنێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر و شارەزا و تورکناس (**بوراق چۆبور**) ئەنجامی داوە.. لە بەر ناوەڕۆکی گرنگی چاوپێکەوتنەکە پوختەکەیتان پێشکەش دەکەم ...

و. هەڵۆ بەرزنجەیی




*<u>پێشەکی رادیۆکە..</u>*

نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر زۆرێک لە خەڵکی تورکیا هیوایان خواست کە ڕەنگە بەم زووانە ئاشتی بە چارەسەرێک بگات، شەڕێک کە نزیکەی ٤٠ ساڵی خایاندووە و ٥٠ هەزار کەسی تێدا کوژراوە. لە مانگی ئایاری ٢٠٢٥ پارتێکی کرێکارانی کوردستان هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند و چەکەکانی دانا. ئەمەش بووە نیشانەی گرنگترین هەنگاوی پرۆسەی ئاشتی تورکیا لەگەڵ کوردان. لەو کاتەوە زۆرێک لە کوردەکان هیوایان بە سەرەتایەکی نوێ بە مافی وەک یەکی و کەمترین ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبردن لە ناوچە کوردنشینەکاندا خواستووە. لەم دواییانەدا کۆمیسیۆنێکی پەرلەمانی تورکیا بە وردی باسی ئەم بابەتەی کرد، بەڵام داواکارییەکانی کوردیان ڕەتکردەوە، لەوانە لێبوردن لە ئەندامانی پەکەکە .

لەم بارەیەوە لەگەڵ سیاسەتکار و شارەزای تورکیا (**بوراق چۆپور**) مامۆستای زانکۆی نێودەوڵەتی لە شاری ئێرفۆرت قسەم کرد .

+ سەرەتا پرسیارم لێکرد کە ئایا ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی پەرلەمان ئەم پرۆسەی ئاشتییە دەباتە دواوە؟

نەخێر، نایخاتە بەردەم پاشەکشەکردن، بەڵام بەرەو پێشیشی نابات. ڕاپۆرتی پەرلەمانی کە -لە لایەن فراکسیۆنی پارتەکانی حوکمڕانی ئاکەپە و مەهەپە و هەروەها پارتی ئۆپۆزیسیۆنی جەهەپەوە پەسەند کراوە، لە بنەڕەتدا خاڵییە لە ناوەڕۆک و جەوهەرێک سەبارەت بە چارەسەری پرسی کورد .

هەروەها پێویستە بووترێ ئەوەی پەیوەندیدارە بە راپۆرتەکەوە لە خودی خۆیدا زۆر کێشەدارە، . بۆ نموونە، ڕاپۆرتەکە زیاتر قسەی بەتاڵ پێشکەش دەکات سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد؛ نەدۆزی کورد بابەتە و نە ناو دەهێنرێت . هەروەها هۆکارەکانی ململانێش شیکاری بۆ نەکراوە. ڕاسپاردەیەک نییە بۆ بەهێزکردنی مافە ڕۆشنبیرییەکان، بۆ نموونە وەک پێشخستنی زمانی کوردی دایک یان بەهێزکردنی مافی ئۆتۆنۆمی، بە تەواوی پشتگوێ خراوە و باس نەکراوە. بە واتایەکی تر، ڕاپۆرتەکە ڕاستەوخۆ باسی ئەو پرسە ناکات؛ بەڵکو ململانێی بنەڕەتی وەک کێشەیەکی تەنیا تیرۆریستی و ئاسایشی پێناسە دەکات .

**+ پرۆسەی ئاشتی لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٤ دەستی پێکرد، ئەمڕۆ لە ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٦دا لە کوێدا وەستاوە؟ .**

بەڵێ، لە بنەڕەتدا، بەزەحمەت هیچ پێشکەوتنێک ڕوویداوە. تەنانەت دەم پارتی بە بەڵێ راپۆرتەکەی پەسەند کردووە، بەڵام بە فەرمی بۆچوونێکی ناکۆکی دەربڕی. ئەوە زاراوەی یاساییە. بۆ نموونە داوا کراوە دەوڵەتی تورکیا پابەند بێت بە بڕیارەکانی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا، کە لە مێژە داوای ئازادکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش و زیندانیانی سیاسی دیاری تری وەک عوسمان کوالە و جان ئەتالای دەکات. ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕاسپاردەیەکی پەرلەمانی هەیە- لە ڕاستیدا ڕاسپاردەیەک نییە، بەڵکو مەرجێکی خۆبەخۆی دەستوورییی تورکیایە- بۆ ئەوەی دواجار یاسا و بڕیارەکانی ئەوروپی جێبەجێ بکات. بەڵام بۆ نموونە ئێستا دەمیرتاش نزیکەی دە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە بەهۆی تاوانێکەوە کە ئەنجامی نەداوە، سەرەڕای چەندین بڕیاری ئەوروپی .

بەهەمان شێوە لە شارە کوردنشینەکان، سەرۆک شارەوانییە لابراوەکانی کورد کە هەڵبژێردرابوون بەڵام ئێستا لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە بەڕێوە دەبرێن،. بە کورتی

خودی پرۆسەی ئاشتی پێش نەکەوتووە و هیچ سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەی بەدەست نەهێناوە. ئەوەی دەبێ بگوترێ تاکە لایەنی ئەرێنی ڕاستەقینە و دڵخۆشکەر ، ئەوەیە کە ئیتر هیچ ناکۆکییەک لە نێوان دەوڵەتی تورکیا و پەکەکەدا نەماوە؛ کەس ناکوژرێ و هەردوولا هێشتا پابەندن بە ئاگربەستەکەوە .

**+ لە سەرەتای گفتوگۆکەماندا وتت کە پرۆسەی ئاشتیتان بە مەسخەرە دەزانی .**

لە دواجاردا پرۆسەی ئاشتی بە هیچ شێوەیەک پرۆسەی ئاشتی نییە، بەڵکو پرۆسەی پاراستنی دەسەڵاتە بۆ ئەردۆغان. هەر بۆیە پێی دەڵێم ئاشتی ساختە. مەسەلەکە دیموکراسی و سەروەری یاسا نییە، یان مافی کوردەکان نییە، بەڵکوو لەسەر پەرتکردن و دابەشکردنی ئۆپۆزسیۆن لە نێوان جەهەپە و پارتەکانیی لایەنگری کورددایە. ڕژێمی ئەردۆغان سەرکەوتوانە بەم شتە گەیشتوە .

وە وابەستەکردنی کوردە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەم پارتی دەم و پەکەکە بە مەبەست و ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکیا و توانەوەیان . جگە لەوەش، ئامانج لێی هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە خۆبەڕێوەبەرە کوردییەکانە، وەک ئەوەی لە ڕۆژئاوای سوریا لەناو ببرێت. وەک بینیمان تورکیاش لەو بارەیەوە بۆی مەیسەر بوو. لە سەروو ئەمەانەش بە مەبەستی زیاتر پێشخستن و فراوانکردنی دەسەڵاتی تورکیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**+ وە لە ناوخۆشدا بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە پاراستنی دەسەڵاتەوە هەیە، دەسەڵاتی سەرۆک ئەردۆغان.**

ڕاستە، تۆ بە دروستی ئەوەت دەستنیشان کردووە؛ ئەوە لە بنەڕەتدا پلانەکەیە لە ناوخۆدا. بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هەمووارکردنەوەی دەستوورەوە کە دەم پارتی پشتیوانی دەکات، دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەردۆغان وەک سەرۆک کۆمار مسۆگەر بکات. هەروەک دەزانرێت دوای دوو خول دەبێت خولی ئەردۆغان کۆتایی پێبێت، بەڵام ئەردۆغان وەک ئێمە دەیناسین تەنانەت بیر لەوەش ناکاتەوە. بەڵکوو دەیەوێت خۆسەپێنەکەی زیاتر بچەسپێنێت و دەستبەرداری کورسییەکەی نابێت و پێش ئەوەی واز بهێنێ ، پێدەچێت لەبەرنامەیدا بێت دەسەڵات ڕادەستی بیلالی کوڕی بکات.

لەبەرامبەردا، پێدەچێت کورد هەندێک گۆڕانکاری جوانکاریی لە دەستوور و چاکسازیی بچووکدا ببینێت، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ بەهێزبوونی ڕاستەقینەی مافە کولتووری و ئۆتۆنۆمییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت و ببینێت .

**+ بۆچی (دەم پارتی ) دژی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەنگ دەدات؟.**

ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە. لە بنەڕەتدا، لە ڕوانگەی منەوە، گرێبەستێکی سادەیە . دەم پارتی داوای ئازادی بۆ ئۆجەلان لە ڕژێمی ئەردۆغان دەکات و لە بەرامبەردا بڕیارە گەرەنتی پشتیوانی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەردۆغان بکات. واقیعی تاڵ ئەوەیە کە دەم پارتی و سەرکردایەتییەکەی- کە سەردەمانێک پارتێک بوو، پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی زۆر بەهێز بوو لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی سەلاحەدین دەمیرتاش- ئێستا هیچ نییە زیاتر لە کۆمەڵەیەکی رزگارکردنی ئۆجەلان لە ژێر سەرکردایەتیی ئێستای سەرانی دوم پارتیدا .

**+ ئایا دەکرێت ئێستا لایەنەکانی تری بزووتنەوەی کوردی ببنە ڕادیکاڵ؟.**

بە دڵنیاییەوە ئەوە ئەگەرێکە. ئەمە یەکەم پرۆسەی ئاشتی نییە کە ئاکەپە لە سەردەمی ئەردۆغاندا دەستی پێکردبێت، بەڵکو سێیەم پرۆسەیە. وە هەر شکستێکی پرۆسەکە بووەتە هۆی توندوتیژی و بێزاری و شەڕانگێزیی زیاتر لە نێوان هەردوو دانیشتوانی کورد و تورکیادا. وە ئەمجارەش ترسی ئەوە هەیە کە پرۆسەکە بە ئامانجی مەبەستی خۆی نەگات- واتە چارەسەرکردنی پرسی جەوهەریی - بەڵکوو لەبری ئەوە بەشداری بکات لە نامۆبوونی دانیشتوانی کورد لە تورکیا و پێدەچێت هێزی ڕادیکاڵ لە هەردوولا زیاتر بەهێز بکات .

**+ بە بڕوای ئێوە چی پێویست دەبێت بۆ پرۆسەیەکی ئاشتی ڕاستەقینە؟.**

باشە، پرۆسەیەکی ئاشتی ڕاستەقینە، وەک ئەوانەی کە لە وڵاتانی دیکەوە دەیانزانین و دەیانناسین ETA -لە ئیسپانیا، ئێرلەندا وەربگرە یان کێشەی باشووری ئەفریقا- بە شێوەیەکی سروشتی، یەکەم هەنگاو دامەزراندنی متمانە بوو، متمانەی کۆمەڵایەتی بوو لە پرۆسەکەدا. ئێمە لە ڕاپرسییەکانەوە دەزانین کە پڕۆسەی ئاشتی بە زۆرینەی دەنگ لە تورکیا پاڵپشتی کرا. بەڵام متمانە بە خودی پرۆسەکە کەم بووە.

بۆ نموونە بە پێی ڕاپرسییەکان، ٦٧٪ی بە شداربووان دژی ئەوەن کە بژان ڕێبەڕی پە کە کە لە پرۆسە ی ئاشتیدا ڕۆڵێکی وا دیار و بەرچاوی پێبدرێت. لە ڕاستیدا پرسی چارەسەرکردنی ململانێکان تەنها پەیوەست نییە بە چەکداماڵین و ئازادکردنی ئۆجەلانەوە، بەڵکوو پرسی دیموکراسییە لە تورکیادا. بەڵام ئەمە بەشێک نییە لە پرۆسەی ئاشتی. هەروەها بەشێک نییە لەو کارە ئاشتەوایی و پەروەردەیەی کە بینیمان، بۆ نموونە لەگەڵ دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی ئاشتەوایی لە باشووری ئەفریقا، کە باس لە ئازار و تاوانەکانی هەردوولا دەکات. هەروەها نەبوونی تەواوەتی نێوەندگیریی نێودەوڵەتی و بەشداریکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەیە، کە لە پرۆسەکانی تری ئاشتیدا وەک چاودێرانی سەربەخۆ یاوەری و پشتگیریان لەم جۆرە پرۆسانە کردووە. هیچ کام لەمانە لێرەدا بوونیان نییە چونکە هیچ بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینە لە چارەسەرکردنی ململانێی کڕیاران لە تورکیادا نییە؛ بەڵکوو ئەم پرۆسەی ئاشتییە دەکرێتە قوربانی بۆ یارییە کورتخایەنەکانی دەسەڵات و بەداخەوە دەخرێتە بەر تاقیکردنەوە.

هەر بۆیەش من ئەم پرۆسەی بەناو ئاشتییە بە "پرۆسەی ئاشتی هەموو تورکەکان" ناودەبەم- پرۆسەیەکی ئاشتی زۆر تایبەت و بە شێوازی تورکی کە لە سەرانسەری جیهاندا بێهاوتایە و لە بنەڕەتدا مەحکومە بە شکست.

ئەمە بیروڕای (بوراق چۆپور) ، زانای سیاسی و شارەزای تورکیا سەبارەت بە دۆخی ئێستای پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورد .رادیۆکەمان قسەی لەگەڵ کرد.